کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

4-11-2007 1:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەمالیستەکان، مەلاو مامۆستاکانیشیان جەندرمەن ...جوتیار دەربەندیخانی



لەڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێدتیی سویدیدا، ڕۆژی شەمە نۆژەن ئوێز، نامەیەکی ئاراستەی شالیاری دەرەوەی وڵاتی ناوبراو کردبوو، لەناوەڕۆکی نامەکەیدا بیرەوەریەتاڵەکانی منالّی خۆی بۆ شالیار دەنوسێ، کەچۆن بیست ساڵ لەمەوپێش لەلایەن مامۆستا تورکەکەیەوەلەباکوری کوردستان٠ هەموو ڕۆژێ لێدانی خواردوە، کاتێك کەئەو لەقۆناخی خوێندنی سەرەتایدا بوە، لێدانەکەش تەنها لەبەر ئەوەی نۆژەن وەك خۆی دەڵێ منداڵێکی زرنگ بوەوهەمیشەبەزمانی دایك واتەبەکوردی قسەی کردوە٠ لەدرێژەی نامەکەدا باس لەوەدەکا، کەگوایەدەڵێن تورکیا گۆڕواوەبەشێوەی ساڵانی ڕابوردو ڕەفتار لەگەڵ کورد ناکا، ئەو دەڵێ نەخێر تورکیا نەگۆڕاوەهەروڵاتەکەی جارانە٠ سەبارەت بەمەلاش، دەڵێن ڕۆژێك لەیەکێك شارۆچکەکانی باکوری کوردستان پیاوێك لەپاش نوێژی هەینی بەگریانو نارەحەتی دەگەڕێتەوەبۆ ماڵ، هاوسەرەکەی لێی دەپرسێ چیبووەبۆ وا دەگری٠٠؟ پیاوەکەش دەڵێ جەنابی مەلا لەمزگەوت فەرموویەتی ئەوەی تورك نەبێت و ماڵو منالّی تورکی نەزانن خودا لەدۆزەخدا دەیانسوتێنێ، ژنەکەشی پێیدەڵێ خۆت دڵگران مەکەپیاوەکەخۆ گەروابێ ئەوەمحەمەدی پێغەمبەر لەپێش هەمووماندا دەبێت٠ ئەگەر تورکێك لەتورکیا ئەم کارەبکات دەڵێن ئەوەلەژێر گوشاری دەوڵەتدایە، ئەی باشەمامۆستایەکی تورك لەمەکتەبێکی سویدی کاری چیەبەسەر منداڵێکی کورد کەخەڵکی باشورە، هەڵدەستێ ئالایەکی ئێراقی دەداتەدەست منداڵەکەو پێیدەڵێ تۆ عێراقیت، منالّی دەروون پاکیش یەخەی دایکو باوکی دەگرێ دەڵێ بۆ درۆتان لەگەڵ من کردوە، مامۆستاکەم ووتویەتی تۆ خەڵکی کوردستان نیت، خەڵکی عێراقیت٠ کەمالیستەکان نەخۆشی دژەکوردیان لەسەردایەلەهەرکوێ بن، بۆیەدەبێت ئێمەش ئەقلّیان بخوێنینەوە، نەك هەڕەشەکانیان٠ چونکەهەڕەشەدەکرێ بەلّام مەرج نیەئەنجام بدرێ، وەلێ ئەو پەتا یەی ئەوانی ڤایرۆساوی کردوەئاسان نیەببنەوەبەو ئادەمیزادەی توانای قبوڵکردنی بەرانبەرەکەیان هەبێت، کەبوونی مانای مرۆڤایەتی لێرەدا ڕەنگدەداتەوەبا تەنها لەکاتی هەڕەشەکاندا هەست بەبوونی خۆمان نەکەین، بەڵکو جورئەت بکەین ئەو ڕاستیەبەخۆمان وبەدونیاش بڵێین کەکوردستان داگیر کراوە، نەك بەشێکەلەوڵاتی جەلادو جەندرمەکان٠ نۆژەن گەنجێکی چالاکی خەڵکی باکورەزیاتر لەبیست ساڵەلەسوید لەگەڵ خێزانەکەی دەژی، هاوکات کەسێکی بەرچاوو ناسراوی کۆمەڵگای سویدیشە٠

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.